# دوو رۆژنامەنووس لە بەغدا دەگیرێن.

ئامادەکردنی لە سویدییەوە:
شێرزاد هەینی
heinisherzad@hotmail.com




( موللی و دەستگیرانەکەی)

لە رۆژنامەی ( ئیکسپریس) رۆژانەی سویدا هەوالی گیرانی وێنەگری جورنالیست

Johan Spanner

لە بەغدا راگەیاندرا، جۆهان سپاینیر هاولاتی دانیمارکی یە، دایکی بۆ رۆژنامەکە دواوە، وتویەتی کورەکەم دووسالٚ لە نیویورك وێنەگری دەخوێند، ئەو ئارەزووی زۆری لەو پیشەیە بووە، نیازی گەرانەوەی دانیمارکی هەبوو، بەلاٚم کە شەرەکە هەلٚگیرسا وەك ئارەزووی وێنەگرتن و بە ڤیزای رەسمی چووتە بەغدا.

هەتا بەیانیەکەی هەینی هەوالی هەبووە، تلفۆنی هەبوو، دوایی لە ئوتێل فەلەستین گیراوە، ئێستا دایکی دەترسێ و پەرۆشی هەوالیەتی و نیگەرانە رەوەشی خراپ بێ.

دایکی وتویەتی: ئەو ماوەیەك هاوشانی سەربازان بووە لە شەرەکانی ناو (کۆسۆڤۆ) ، هەروەها ئەو حەزی دەکرد لەو ناوچانە بێت شەری لێ یە، بتوانێ لەوان نزیك بێ. من بە تلفۆن ئەوەی لە دەستم هات کردوومە، بێجگە لە چاوەروانی دەستەلاٚنی هیچی ترم نی یە.

دوا کەسیش ئەوی دیبوە دەستگیرانی ئەو ژنە رۆژنامەنووسە وێنگرە ئەمریکیە کە دەزگاکانی ئاسایشی عیراقی بەیەکەو بوینە.

رۆژنامەنووسی دووەمیش،

تەمەن ٣٤ سالٚ، ئەویش لە ژوورەکەی خۆی بووە لە **Molly Bingham** ئوتێل بە قسەی کورە دەستگیرانەکەی لەناو باوەشی ئەویان دەرهێناوەو بردوویانە ئەویش ئازادکراوەو لە پایتەختی ئوردن بۆ رۆژنامەکان قسەی کردووە. ئەو وتویەتی ( موللی) وێنەگربووە، وەك عیراقییەکان ژیانی لە خەتەردایووە، وەك وێنەگر لە کەرتی ( غەزە) فەلەستینی و ناو ئەفغانستان کاری کردووە، بەرامبەر ئەوانەش چەندین خەلاٚتی وەرگرتووە، من وەك جوتیارێکی سەربەخۆ ئەویش گۆرانیبێژ ئارەزووی وێنەگریمان لا دروستبوو، ئێمە وەك عیراقییەکان ژیانمان لە خەتەردابووە.

لە سەردەمی جێگری سەرۆکی ئەمریکی ( ئالگۆر) دا، لە کۆشکی سپییدا کاری کردووە هەر ئەوەش بوو لەسەری گیرا، لە ناو دەفتەری تلفۆناتەکەیدا ژمارەی تلفۆنی کۆشکی سپی ئەمریکیان دۆزیەوەو گرتیان. منیش زوو کە هەردوو تلفۆنە سەتەلاٚیتەکەم لە ئوتێل بۆ شحن دانابوو بردیان. دەستگیرانەکەی وتویەتی:

کە بردیان چەکدار هاتنە سەرمان، من زۆرم کۆشش کرد، دەمانچەیان لەسەرسەرم دانا. ئەوەی شایانی باسە باوکی ئەو ژنەش رۆژنامەنووسەو دەستگیرانەکەشی چەندین خەلاٚتی هەبووەو لە چەندین ولاتا کاری کردووەو دەترسێ ئەو، واتە موللی بە جاسووس لەقەلەم بدەن.

---

لە رۆژنامەی ئیکسپریسی رۆژانەی سویدی وەرگیراوە.